Kurdish Institute for Elections
پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن

STEP
for Democracy and Elections

# پەیوەندی نێوان
# سیستمەکانی هەڵبژاردن و سەقامگیریی سیاسی

ئامادەکاران

سەربەست مستەفا
سەرۆکی ڕێکخراوی ستێپ بۆ
دیموکراسی و هەڵبژاردن

ئارام جەمال
سەرۆکی پەیمانگەی کوردی
بۆ هەڵبژاردن

ئابی 2026



- **ناونیشان: پەیوەندی نێوان سیستمەکانی هەڵبژاردن و سەقامگیریی سیاسی**
  **- سەربەست مستەفا: سەرۆکی ڕێکخراوی ستێپ بۆ دیموکراسی و هەڵبژاردن**
  **- ئارام جەمال: سەرۆکی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE**
- **جۆری بابەت: هەڵبژاردن و دیموکراسی**
- **بەرواری دەرچوون: ئابی 2026**

لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی ستێپ بۆ دیموکراسی و هەڵبژاردن و پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE

### پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE

....................

ڕێکخراوێکی ناحکومی سەربەخۆی قازانجنەویستە، ناوەڕاستی ساڵی (2002) لەلایەن چەند یاساناس و پارێزەرێکەوە دامەزرێنراوە، هەوڵدەدات لە پێناو بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی مەدەنیی دەنگدەران و پشکداریی لە هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنە گشتییەکان و چاودێریکردنی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان..

### ڕێکخراوی ستێپ بۆ دیموکراسی و هەڵبژاردن

.............................

ڕێکخراوێکی نیشتمانیی سەربەخۆی ناحکومی قازانجنەویستە و چاودێریی هەڵبژاردنە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق دەکات و خۆبەخشانە هەوڵدەدات لەپێناو بەرزکردنەوە و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی لە بوارەکانی هەڵبژاردن، دیموکراسی و حوکمڕانی باشدا.

**بۆ پەیوەندیکردن:**

**7701573210 / 07504840094**

## پێشەکی

پەیوەندی نێوان سیستمەکانی هەڵبژاردن و سەقامگیریی سیاسی بابەتێکی ئاوکێشە و بەردەوام مشت و مڕ بەدوای خۆیدا دەهێنێت، چونکە بەو جۆرە سەیری سیستمی هەڵبژاردن ناکرێت، کە گۆڕاوێکی سەربەخۆیە و ڕاستەوخۆ دەبێتە بەدیهێنەری سەقامگیری یان نا سەقامگیری، بەڵکو وەك یەکێك لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی ناو ڕستێك گۆڕاوی سیاسی و تەکنیکی سەیر دەکرێت. سیستمی هەڵبژاردن میکانیزمی گۆڕینی دەنگە دروستەکانی دەنگدەرانە بۆ کورسییەکانی پەرلەمان، کە ئەمەش کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی لەسەر هەریەك لە سیستمی حزبایەتی و چۆنێتی پێکهێنانی حکومەتەکان و توانا و بڕستی سیستمە سیاسییەکە دەبێت لە ئیدارەدانی ترازان و دابەشبوونە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و دەستەبەرکردنی سەقامگیریی سیاسی.

ئەم هێڵکارییەی خوارەوە گوزارشت لەو پەیوەندییە ناڕاستەوخۆیەی نێوان سیستمەکانی هەڵبژاردن و سەقامگیریی سیاسی دەکات:

| | |
|---|---|
| **سیستمی هەڵبژاردن** | میکانیزمی گۆڕینی دەنگە دروستەکانە بۆ کورسییەکانی نوێنەرایەتی، لەپاڵ میکانیزمی خۆپاڵاوتن و سیستمی دەنگدان و ژمارە و قەبارەی بازنەکانی هەڵبژاردن |
| **سیستمی حزبایەتی** | ژمارەی حزبەکان، کێش و قورساییان لەگەڵ سروشتی ڕکەبەری نێوانیان |
| **سیستمی حوکمڕانی** | پەرلەمانی، سەرۆکایەتی، نیمچە سەرۆکایەتی، ئەنجومەنی |
| **ئیدارەدانی ململانێ سیاسی و کۆمەڵگەییەکان** | سازان یان پشکپشکێنە، میکانیزمی یەکلاکردنەوەی ململانێ و ناکۆکییە سیاسییەکان |
| **ئاستی سەقامگیری** | ڕەوایەتی "الشرعية"، سەقامگیریی سیاسی، بەڕێوەبردنی قەیرانەکان، هێز و بڕستی دامەزراوەکانی دەوڵەت و گەشەپێدان |

لە هێڵکارییەکەی سەرەوەدا ئەوە بە روونی دەردەکەوێت، کە سیستمی هەڵبژاردن ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر سەقامگیریی سیاسی دانانێت، بەڵکو کاریگەرییەکەی سەرەتا بەناو هەریەك لە بونیادی سیستمی حزبایەتی و ئەدای دامەزراوە سیاسییەکاندا دەڕوات تا بە سەقامگیریی سیاسی دەگات. پەیوەندی نێوان سیستمی هەڵبژاردن و سیستمی حزبایەتی، ئەو ئەڵقە نێوەندگیرەیە کە راڤەی ئەوە دەکات چۆن کاریگەریی سیستمی هەڵبژاردن بۆ سەر سەقامگیری سیاسی دەگوێزرێتەوە.

## پەیوەندیی نێوان سیستمەکانی هەڵبژاردن و سیستمی حزبایەتی

سیستمی هەڵبژاردن ڕاستەوخۆ سەقامگیریی یان ناسەقامگیریی بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو کاریگەری لەســـەر بونیادی ســـیســـتمی حزبایەتی دادەنێت، لە رووی ژمارەی حزبەکان و قەبارەیان و شـــێوازەکانی کێبڕکێ و رکەبەریی نێوانیان، دواتر ئەمە عەکس دەبێتەوە بۆ ســـەر ســـروشـــتی پێکهێنانی حکومەتەکان و ئاســـتی چالاکبوونیان. لەبەرئەوەیە کە توێژینەوەی ســـیســـتمەکانی هەڵبژاردن لە ئەدەبیاتی بەراوردکاریدا، بە تایبەتی لەلای مۆریس دۆفرجیە، گرێدەدرێتەوە بە شـــیکارکردنی کاریگەرییەکانی بۆ ســـەر پێکهێنانی سیستمە حزبییەکان.

### یەکەم: سیستمەکانی زۆرینە و سیستمی حیزبایەتی

سیستمەکانی زۆرینە، بەتایبەتی سیستمی زۆرینەی سادە (براوەی یەکەم)، سەردەکێشێت بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی حزبە چالاکەکان و زەمینەسازی دەکات بۆ هێنانەئارای سیستمی دوو حزبی یان هێشـــتنەوەی چەند حزبێکی کەم، چونکە حزبە بچوکەکان بەزەحمەت دەتوانن کورســـی بەدەســـتبهێنن تەنانەت ئەگەر ڕێژەیەکی گونجاو لە دەنگەکانیش بەدەستبهێنن. ئەمەش پاڵ بە دەنگدەران و لایەنەکانەوە دەنێت لە دەوری هێزە سیاسییە گەورەکان کۆببنەوە. شـــانشـــینی یەکگرتوو مۆدێلە کلاســـیکەکەی ئەم پەیوەندییە بەرجەســـتە دەکات، کە تێیدا ســـیســـتمی زۆرینەی ســـادە بۆتەهۆی هەژموونی دوو پارتی گەورە و پێکهێنانی حکومەتێکی زۆرینەی سەقامگیر، لەگەڵ بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز و کاریگەر. هەمان کاریگەری هاوشـــێوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشـدا دەبینرێت، لەوەدا کە ســـیســـتمی هەڵبژاردنەکەی دوو پارتی گەورەی بەرهەمهێناوە، دیموکراتەکان و کۆمارییەکان، ئەگەرچی سروشتی سیستمە سەرۆکایەتییەکەی ئەمریکا وادەکات کێبڕکێکە جیاواز بێت لە مۆدێلی بەریتانی. بەڵام لەولاوە ئەزمونی هیندســـتانمان هەیە پێماندەڵێت

مەرج نییە هەموو کات سیستمی زۆرینە سیستمی دوو حزبی لێبکەویتەوە، بەو پێیەی لەوێ فرەچەشنەیی کۆمەڵایەتی و فیدرالیزم هەیە و رۆڵیان هەبووە لە دەرکەوتنی چەندین حزبی ناوچەیی، هەرچەندە هەمان سیستمی زۆرینەش لەوێ پیادەدەکرێت.

## دووەم: سیستمی نوێنەرایەتی رێژەیی و سیستمی حزبایەتی

سیستمی نوێنەرایەتی رێژەیی، کورسییەکان بە ئەندازەی رێژەی دەنگەکان دابەشدەکات، ئەمەش دەرفەت دەدات بە حزبە بچوك و مامناوەندەکان بۆ چوونە ناو پەرلەمان و زۆرجاریش دەبێتە هۆی سیستمی فرە حزبی. ئەم فرەییەش لە حکومەتە هاوپەیمانییەکاندا رەنگدەداتەوە، چونکە پێکهێنانی حکومەت پێویستی بە دانوستان و کۆدەنگی نێوان چەند لایەنێك هەیە.

ئەفریقای باشوور لە دوای کۆتایی هاتنی سیاسەتی ئاپارتاید، بە نموونەی سەرکەوتنی لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی دادەنرێت لەرووی لەخۆگرتنی هێزە سیاسییە جۆراوجۆرەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی نوێنەرایەتیکردنی گروپە کۆمەڵایەتییەکان. لە کاتێکدا بەرازیل مۆدێلێکی دیکە نیشاندەدات و سیستمی نوێنەرایەتی رێژەیی تێیدا بۆتەهۆی هێنانەئارای سیستمێکی فرەحزبی بەرفراوان و ئاڵۆزیی و دژواری لە پێکهێنانی حکومەتە هاوپەیمانییەکانیدا. بەڵام لە عێراقی دوای ساڵی 2003 دا، پیادەکردنی سیستمی لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی رۆڵ و کاریگەری بەرچاوی هەبوو لە دەستەبەرکردنی نوێنەرایەتی بۆ پێکهاتە سیاسییە هەمەجۆرەکان، بەڵام هاوکات سیستمێکی پشکپشکێنەی حزبیی قێزەونیشی بەدوای خۆیدا هێنا، کە بووەهۆی لاوازبوونی دامەزراوەکانی دەوڵەت و پێکهێنانی سەخت و دژواری حکومەتی سەقامگیر.

## سێیەم: سیستمی هەڵبژاردنی تێکەڵاو و سیستمی حزبایەتی

سیستمە تێکەڵاوەکانی هەڵبژاردن لایەنە ئەرێنی و باشەکانی هەردوو سیستمی زۆرینە و نوێنەرایەتی رێژەیی لەخۆیاندا کۆدەکەنەوە، لەلایەکەوە پارێزگاری لە نوێنەرایەتی دادپەروەرانە دەکات و لەلایەکی دیکەوە رێگە لە پەرش و بڵاوی حزبەکان دەگرێت. سیستمی تێکەڵاو بە شێوەیەکی گشتی سیستمێکی فرەحزبی هاوسەنگ دەخاتەوە و رێگەدەدات لە یەککاتدا حزبی گەورەی ئەوتۆ هەبێت کە توانای پێکهێنانی حکومەت ئاسان بێت و لەولاشەوە پارتە بچووکەکانیش دەتوانن نوێنەرایەتیان لەناو ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکاندا هەبێت.

لەم بارەیەوە ئەڵمانیا دیارترین نموونەی سەرکەوتنی سیستمی هەڵبژاردنی تێکەڵاوە، چونکە بەهۆی تێکەڵکردنی بازنەی هەڵبژاردنی تاك کورسی و فرە کورسیی لیستی ڕێژەیی و بوونی ڕێژەیەك لە بەربەستی هەڵبژاردنەوە، ژمارەیەکی دیاریکراو لە حزبی کاریگەر و هاوپەیمانیی جێگیر هاتۆتە ئاراوە. هاوکات نیوزلەنداش ئەنجامێکی هاوشێوەی بەدەستهێنا، دوای ئەوەی ساڵی 1996 سیستمی تێکەڵاوی پەسەندکرد و بەهۆیەوە ئاستی نوێنەرایەتی باشتر کرد بەبێئەوەی پاشەکشە بە سەقامگیریی حکومەت بکات.

جێی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بکرێت، کە پەیوەندی نێوان سیستمی هەڵبژاردن و سیستمی حزبایەتی بە شێوەیەکی میکانیکی و حەتمی نییە، بەڵکو ئەو پەیوەندییە لە هەر دەوڵەتێکدا دەکەوێتە ژێر کاریگەری هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو دەوڵەتە خۆیەوە، لە کاتێکدا سیستمی هەڵبژاردنی زۆرینە سەردەکێشێت بەرەو هێنانەئارای سیستمێکی حزبی لە قاڵبدراوی سنوردار، کە پێکهێنانی حکومەت تێیدا ئاسانە، لەولاشەوە سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی زەمینەسازی دەکات بۆ فرەحزبی و نوێنەرایەتییەکی هەمەرەنگ و بەرفراوان، هەرچی سیستمی هەڵبژاردنی تێکەڵاویشە لە هەوڵی دروستکردنی هاوسەنگیدایە لەنێوان هەردوو ئامانجەکەدا. کەواتە سروشتی سیستمی حزبایەتی ئەو ئەڵقە سەرەکییەیە، کە لە ڕێگەیەوە کاریگەرییەکانی سیستمی هەڵبژاردن دەگوێزرێنەوە بۆ سیستمی حوکمڕانی و لەوێشەوە بەرەو سەقامگیریی سیاسی.



## پەیوەندیی نێوان سیستمی هەڵبژاردن و سەقامگیریی سیاسی

سیستمی هەڵبژاردن دەروازەیەکی سەرەکییە بەرەو پێکهێنانی دەسەڵاتی سیاسی، بەو پێیەی کە میکانیزمی گۆڕینی دەنگەکانە بۆ کورسی پەرلەمان، کە دیارە ئەمەش رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ژمارەی حزبەکان و هێزو توانایان، دواتر لەسەر سروشتی حکومەتەکان و بەڕێوەبردنی پەیوەندیی نێوان هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان.

دەتوانرێت ئەم پەیوەندییە لەم چوار گۆڕاوە بەیەکەوە بەستراوەدا کورت بکرێتەوە:

1- **سیستمی هەڵبژاردن**، کە میکانیزمی دابەشکردنی کورسییەکان دیاری دەکات.

2- **سیستمی حزبایەتی**، کە ژمارەی حزبەکان و کێش و قورسایی سیاسییان دیاری دەکات.

3- **سیستمی حوکمڕانی**، کە چۆنێتی پێکهێنانی حکومەت و پەیوەندی نێوان هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان دیاری دەکات.

4- **سەقامگیریی سیاسی**، بە هەریەك لە سەقامگیریی حکومەتەکان و رەوایەتی سیستمی سیاسی و دابەزینی ئاستی توندوتیژیی سیاسی و توانا و بڕستی دامەزراوەکان لە یەکلاییکردنەوەی ناکۆکی و دووبەرەکییەکان، پێوانە دەکرێت.

کەواتە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی میکانیکی نییە لە نێوان سیستمی هەڵبژاردن و سەقامگیریی سیاسیدا، بەڵکو ئەوەی هەیە لە پەیوەندییەکی تێکچڕژاوی کارلێکئاسادایە، کە بە سیستمی هەڵبژاردن دەستپێدەکات و بە توانای دامەزراوە سیاسییەکان لە بەڕێوەبردنی دابەشبوون و دوبەرەکییەکانی ناو کۆمەڵگە کۆتایی دێت.



## کاریگەریی سیستمەکانی هەڵبژاردن لەسەر سەقامگیریی سیاسی

### 1- سیستمەکانی زۆرینە:

سیستمەکانی زۆرینە لەسەر بنەمای بردنەوەی ئەو کاندیدەیە کە زۆرترین دەنگی بەدەستهێناوە، ئەم سیستمانە سەردەکێشن بەرەو ئەوەی دوو حزبی گەورە بەرهەمبهێنن، کە ڕەنگە یەکێکیان لە پلەی دووەم یان یەکەمدا بێت، لەگەڵ چەند حزبێکی بچووکی دیکەدا. ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ پێکهێنانی حکومەتی سەقامگیر و خێرا و دروستکردنی ئۆپۆزسیۆنێکی ڕوون و ڕەوان و ئاسانکردنی پرۆسەی لێپرسینەوەی سیاسی، هەر ئەمەشە وادەکات سیستمەکانی زۆرینە زۆر تەبا و گونجاو بن لەگەڵ سیستمەکانی سەرۆکایەتیدا، هەروەها دەتوانن خزمەت بە سیستمی پەرلەمانیش بکەن ئەگەر زۆرینەیەکی ڕەها بۆ پێکهێنانی حکومەت لەئارادابێت.

### 2- سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی:

نوێنەرایەتی ڕێژەیی کورسییەکان بەپێی ڕێژەی ئەو دەنگانە دابەش دەکات، کە هەر حزبێك یان لیستێکی هەڵبژاردن بەدەستیهێناوە. ئەم سیستمە بە فراوانکردنی بنکەی نوێنەرایەتی سیاسی و هاندانی فرەیی حزبی و بەشداریی کەمینەکان ناسراوە، بەڵام زۆرجار دەبێتەهۆی پێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانی. هەڵسەنگاندن بۆ کاریگەرییەکانی پێویستی بە جیاکردنەوەی دوو جۆر لە سەقامگیریی هەیە:

**أ-** سەقامگیریی لە حکومەتدا، لاوازە بەهۆی زۆریی حزبەکانی ناو هاوپەیمانێتییەکان.

**ب-** سەقامگیریی کۆمەڵگەیی، زۆرجار باشتر دەبێت لە ئەنجامی بەشداریکردنی هێزە سیاسییە هەمەچەشنەکان لە پرۆسەی سیاسیدا. ئەمەشە وادەکات کە سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی لە کۆمەڵگە دابەشبووەکاندا بە باشتر بزانرێت، بەو پێیەی توانای بەدەستهێنانی شەرعیەتی سیاسی و کۆدەنگی و سازانی کۆمەڵایەتی زیاترە.

### 3- سیستمی هەڵبژاردنی تێکەڵاو:

سیستمی تێکەڵاو توخمەکانی زۆرینە و نوێنەرایەتی ڕێژەیی کۆدەکاتەوە و هەوڵدەدات بۆ بەدەستهێنانی هاوسەنگی لە نێوان دادپەروەری نوێنەرایەتی و سەقامگیریی حکومەتدا، ئەمەش وایکردووە زۆرێك لەو وڵاتانە پەسەندی بکەن، کە بە قۆناغی گواستنەوەی دیموکراسیدا تێپەڕیون.

## پەیوەندیی نێوان سیستمی هەڵبژاردن و سیستمی حوکمڕانی

کاریگەری سیستمی هەڵبژاردن بەپێی سروشتی سیستمی حکومڕانییەکە دەگۆڕێت. لە سیستمی پەرلەمانیدا، حکومەت پشت بە زۆرینەی پەرلەمانی دەبەستێت، هەربۆیە زۆرجار سیستمی زۆرینە دەبێتە هۆی حکومەتی سەقامگیر، بەڵام سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی حکومەتی هاوپەیمانی بەرهەمدەهێنێت. بەڵام خۆ مەرجیش نییە هەمووکات هاوپەیمانی دۆخی شلۆق و ناسەقامگیر بەدوای خۆیدا بهێنێت، وەك ئەوەی لە زۆرێك لە وڵاتانی باکوری ئەوروپادا ڕوویداوە.

بەوپێیەی لە سیستمی سەرۆکایەتیدا سەرۆك ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێت، لەبەرئەوە سیستمی هەڵبژاردن کاریگەری کەمتری لەسەر مانەوەی حکومەت دەبێت، بەڵام کاردەکاتە سەر قەبارەی ئۆپۆزسیۆن و پەیوەندی نێوان سەرۆك و پەرلەمان، تەنانەت ڕەنگە ببێتە هۆی چەقبەستوویی لە یاساداناندا ئەگەر سەرۆك زۆرینەی پەرلەمانی پێکنەهێنێت.

لە سیستمی نیمچە سەرۆکایەتیدا گرنگی و بایەخی سیستمی هەڵبژاردن زیاتر دەبێت، بەو پێیەی دەتوانێت حکومەتی هاوپەیمانی یان بارودۆخی پێکەوە ژیانی سیاسی ئەوتۆ بەرهەم بهێنێت، کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر سەقامگیری سیستمەکە هەبێت.

## بۆچی کاریگەرییەکانی سیستمی هەڵبژاردن لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر جیاوازە؟

دەرەنجامەکانی سیستمی هەڵبژاردن تەنها بە سروشتی خۆی دیاری ناکرێت، بەڵکو بەندە بە کۆمەڵێك گۆڕاوی نێوەندگیرەوە، کە گرنگترینیان بریتین لە دابەشبوونی ئەتنیکی و تائیفی، کەلتوری سیاسی، سیستمی حزبی و بەهێزییەکە، سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری، سروشتی دەوڵەتی مەرکەزی یان فیدراڵی، ئاستی گەشەسەندن و تا چەند سیستمی دیموکراسی لە کۆمەڵگەدا چەسپاوە. هەربۆیە سیستمێکی هەڵبژاردن نییە بۆ هەموو وڵاتێك باش بێت. بەڵکو کاریگەرییەکەی پەیوەستە بەوەی تا چەند لەگەڵ ئەو ژینگە سیاسی و کۆمەڵایەتییەدا دەگونجێت کە تێیدا کاردەکات، تا چەند هێزە سیاسییەکان پابەندن بە میکانیزمەکانی سیستمی دیموکراسییەوە، کێبڕکێی ئازاد و دادپەروەر، ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات و بوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی و هێز و توانا و جێگیریەکەی.

### ئەزموونەکانی بەراوردکاریی:

ئەزمونی دەوڵەتان ئەوە دەردەخەن کە سیستەمی هەڵبژاردن لە هەموو وڵاتێکدا هەمان ئەنجام بەدەستەوە نادات، بەڵکو دەرهاویشتەکانی بەپێی ژینگەی دامەزراوەیی و سیاسی دەگۆڕێت.

- **سیستەمەکانی زۆرینە.**

شانشینی یەکگرتوو نمونەی کلاسیکیەکەی سیستەمی براوەی یەکەمە، کە بۆتەهۆی هێنانەئارای سیستەمی دوو حزبی و حکومەتی زۆرینەی سەقامگیر و ئاڵوگۆڕی ڕوونی دەسەڵات، هەرچەندە ئەوە لەسەر حیسابی نوێنەرایەتی پارتە بچووکەکانیش بووە.
لە ئەمریکاش سیستەمی هەڵبژاردنی زۆرینە پیادەدەکرێت، بەڵام سروشتی سیستەمی سەرۆکایەتی لەوێ وادەکات کە سەقامگیری بوەستێتە سەر پەیوەندی نێوان سەرۆك و کۆنگرێس، هەر ئەمەشە دەتوانرێت شرۆڤەی دیاردەی دابەشبوونی حکومەت و چەقبەستوویی یاسادانانی لە هەندێك ماوەی دیاریکراودا پێبکرێت.
لە کەنەدا هەمان سیستەمی زۆرینە بۆتەهۆی دەرکەوتنی دوو حزبی گەورە شانبەشانی چەند حزبێکی ناوچەیی بەهێز بەهۆی پێکهاتەی فیدراڵی و فرە نەتەوەییەوە. بەڵام هیندستان نیشانیدا کە سیستەمی زۆرینە هەمووکات نابێتە مایەی بەرهەمهێنانی سیستەمی دوو حزبی؛ فیدراڵیزم و فرەچەشنە کۆمەڵایەتییەکەی سیاسەتی فرە حزبییان بەرهەمهێناوە و سەقامگیری دیموکراسییان پاراستووە. نیوزلەندا ساڵی 1996 لە سیستەمی زۆرینەوە چوو بەرەو سیستەمی تێکەڵاو دوای ئەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی دادپەروەریی نوێنەرایەتیی سیستەمە زۆرینەکە کرا.

- **سیستەمەکانی نوێنەرایەتی ڕێژەیی**

ئەفریقای باشوور دوای ساڵی 1994 و کۆتاییهێنان بە سیاسەتی ئاپارتاید، سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی پیادە کرد بە ئامانجی لەخۆگرتنی هەموو پێکهاتە نەژادییەکان، کە ئەمەش ڕۆڵی گێڕا لە بەدیهێنانی گواستنەوەیەکی ئاشتیانە و شەرعیەتێکی بەرفراوان، سەرەڕای هەژموونی بەردەوامی کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقا.
لە ڕواندا نوێنەرایەتی ڕێژەیی لەگەڵ سیستەمی سەرۆکایەتی و هەژموونی پارتی دەسەڵاتدار بوونەهۆی سەقامگیریی ئەمنی و گەشەی ئابووری. بەڵام زۆرێك لە چاودێران ئەم مۆدێلە بە جۆرێك لە "سەقامگیریی دەسەڵاتخوازانە" وەسف دەکەن، چونکە ناوەندگەرایی دەسەڵات ڕۆڵێکی گەورەتری لە سیستەمی هەڵبژاردن هەبووە.

لە بەرازیل، نوێنەرایەتی ڕێژەیی بە لیستە کراوەکانەوە بۆتە هۆی دەستەبەرکردنی فرە حزبییەکی بەرفراوان و هاتنەئارای ئەوەی کە بە سەرۆکایەتی هاوپەیمانی ناسراوە، کە سەرۆك ناچارە هاوپەیمانی فراوان لەناو پەرلەماندا پێکبهێنێت، ئەمەش تێچووی حوکمڕانی بەرزکردۆتەوە بەبێ ئەوەی ببێتە هۆی دارمانی سیستمە دیموکراسییەکە.
بۆسنە و هەرزەگۆڤینا دوای ڕێککەوتنی دەیتۆن سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی و دابەشکردنی دەسەڵاتیان بە بنەما گرت، ئەمەش یارمەتیدەر بوو بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ و دەستەبەرکردنی نوێنەرایەتیی گروپە نەتەوەییەکان، بەڵام هاوکات بووەهۆی خاوبوونەوەی پرۆسەی بڕیاردان و ئیفلیجی سیاسی. لە کەمبۆدیا سەقامگیریی زیاتر پەیوەست بوو بە چڕبوونەوەی دەسەڵات و هەژموونی پارتی دەسەڵاتدارەوە نەك بە خودی سیستمی هەڵبژاردنەوە.

- **سیستمە تێکەڵاوەکانی هەڵبژاردن**

ئەڵمانیا نوێنەرایەتی دیارترین مۆدێلی سیستمی هاوڕێژەیی ئەندامێتی تێکەڵە دەکات، بەو پێیەی سەرکەوتوو بوو لە بەدەستهێنانی هاوسەنگی لە نێوان دادپەروەریی نوێنەرایەتی و سەقامگیری حکومەت بە تێکەڵکردنی بازنەکانی هەڵبژاردنی تاك کورسی و لیستە ڕێژەییەکان، ئەمە جگە لە پیادەکردنی ڕێژەی بەربەستی (5٪)، کە ڕێگەی لە پارچە پارچەبوونی پەرلەمان گرت و ڕۆڵی گێڕا لە سەقامگیریی هاوپەیمانییەکاندا.
نیوزلەندا دوای چاکسازی لە سیستمی هەڵبژاردنەکەیدا نوێنەرایەتییەکی باشتری بەدەستهێنا بەبێ ئەوەی سەقامگیری بکاتە قوربانی. هەروەها سیستمی تێکەڵاو لە ژاپۆن و کۆریای باشوور ڕۆڵی هەبوو لە بەهێزکردنی پێگەی نوێنەرایەتیکردن و پاراستنی سەقامگیریی حکومەت.
لە فەلەستین، ئەو قەیرانە سیاسییەی بە دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2006 دا هات، تەنیا ئەنجامی ڕاستەوخۆی سیستمی هەڵبژاردنی تێکەڵاو نەبوو، بەڵکو زادەی کارلێکردنی چەند فاکتەرێکی سیاسی و ئەمنیی ئاڵۆز بوو.
لە مەکسیك سیستمی تێکەڵاو یارمەتیدەر بوو لەوەدا کە پلە بە پلە کۆتایی بە باڵادەستی تاك حزبی بهێنێت و دەرگا لەبەردەم کێبڕکێی سیاسیدا بکاتەوە و پارێزگاری لە سەقامگیریی دامەزراوەکانیش بکات.

### ئەزموونی عێراقی دوای ساڵی 2003

ئەزمونی عێراق یەکێك لە گرنگترین حاڵەتە بەراوردکارییەکانە بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان سیستمی هەڵبژاردن و سەقامگیریی سیاسی لە کۆمەڵگە دابەشبووەکاندا. شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان گەشەسەندنی سیستمی هەڵبژاردن و گەشەسەندنی سەقامگیریی سیاسی لە عێراق پێویستی بەوەیە تیشکبخرێتە سەر خەسڵەتەکانی سیستمی هەڵبژاردن و کاریگەرییەکانی سیستمەکە لەسەر هەریەك لە سیستمی حزبی و پێکهێنانی حکومەتەکان و دواتر ڕەنگدانەوەی لەسەر سەقامگیری سیاسی دیاری بکرێت. لەسەر ئەو بنەمایە لێرەدا باس لە پیادەکردنی سیستمەکانی هەڵبژاردن دەکەین لە عێراقدا بەپێی سروشتی ئەو سیستمی هەڵبژاردنەی پیدەکراوە.

**یەکەم: سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی لە سایەی لیستی نیشتمانیی داخراو و قۆناغی راگوزەردا**

ئەمە بە سەرەتای قۆناغی دەستپێکردنی پرۆسەی دیموکراسی دادەنرێت لە دوای ساڵی (2003)ەوە، لەم سەروبەندەدا ئامانجی سەرەکی سیستمی هەڵبژاردن پێکهێنانی حکومەتێکی سەقامگیر نەبوو ئەوەندەی بۆ ئەوە بووە کە سیستەم نوێیەکە شەرعیەتی سیاسی وەربگرێت و هێزە جیاوازەکانی عێراق بەشداربن لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی دەوڵەتدا. هەر لەبەرئەوەشە کە سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی بە لیستی نیشتمانیی داخراو پەسەندکرا، بەوپییەی لەگەڵ سروشتی قۆناغی راگوزەری دوای روخانی ڕژێمی پێشوودا یەکدەگرێتەوە، کە خۆی لە نەبوونی دامەزراوەی سەقامگیری دەوڵەت و لاوازیی ژیانی حزبایەتی و ئالەنگاریی ئەمنی بەردەوامدا دەبینیەوە.
لە مانگی کانونی دووەمی ساڵی 2005 دا هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانیی راگوزەر ئەنجامدرا و سەرتاسەری عێراق یەك بازنەی هەڵبژاردن بوو، بە لیستی داخراو، کە تێیدا دەنگدەران دەنگیان بە لیستێك دەدا بەبێ ئەوەی هیچ رۆڵێکیان هەبێت لە ڕیزبەندیی کاندیدەکانی ناو لیستەکە. ئەم سیستمە دەسەلاتێکی بەرچاوی بە حزبە سیاسییەکان و بەتایبەت بە سەرکردەکانی حیزبەکان بەخشی لە دیاریکردنی کاندیدە براوەکانی کورسییەکانی پەرلەماندا.

لەرووی سیاسییەوەسیستمی هەڵبژاردنەکە ئامانجێکی بنەڕەتی بەدیهێنا، کە خۆی لە بەشداریکردنی زۆربەی هێزە سیاسییەکاندا دەبینیەوە، جگە لەوەی نوێنەرایەتییەکی بەرفراوانی بە پێکهاتەکانیش بەخشی و ئەمەش ئاستێك لە شەرعیەتی پڕ بایەخی بۆ سیستمە سیاسییەکە دەستەبەر کرد، کە رۆڵی هەبوو لە گواستنەوە لە دەسەلاتی داگیکارییەوە بۆ دامەزراوە دەستورییە هەڵبژێردراوەکان.

بەلام ئەم سیستمەی هەڵبژاردن لە لایەکی دیکەوە کاریگەریی نەرێنی و خراپیشی بەرهەمهێنا، چونکە هەژمونی سەرکردەی حزبەکانی لە دیاریکردنی کاندیدەکاندا بەهێزتر کرد، پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان دەنگدەر و نوێنەری لاواز کرد، پارتە گەورەکانی لەسەر حیسابی هێزە تازەکان بەهێز کرد و هانی ئەوەی نەدا کەسایەتییە سیاسییە سەربەخۆکان بنکەی جەماوەریی تایبەت بە خۆیان لە هەڵبژاردندا هەبێت.

لەرووی سەقامگیری سیاسییەوە دەتوانین بڵێین ئەم قۆناغە زیاتر لە سەقامگیری دامەزراوەیی سەقامگیری ئینتقالی ڕێژەیی بەدەستهێنا، هەڵبژاردن سەرکەوتوو بوو لە پێدانی جۆرێك لە شەرعیەت بە سیستمی سیاسی نوێ، بەلام نەیتوانی سیستمێکی حزبی ئەوتۆ دابمەزرێنێت، کە توانای بەرهەمهێنانی حکومەتێکی سەقامگیر و ئۆپۆزسیۆنێکی پەرلەمانی پایەداری هەبێت، بەو پێیەی لەو سەردەمەدا ئەولەویەت زیاتر بۆ بنیاتنانی دەوڵەت بوو نەك ئەوەی پەرە بە میکانیزمەکانی کێبڕکێی سیاسی بدرێت.

کەواتە دەکرێت ئەم قۆناغە بەو شێوەیە هەڵبسەنگێنین کە لە دامەزراندنی شەرعیەتی سیاسیدا سەرکەوتوو بوو، بەلام نەیتوانی چارەسەری ئەو کێشە بونایدیانەی بکات، کە دواتر لە پەیوەندی نێوان سیستمی هەڵبژاردن و سیستمی حزبایەتیدا دەرکەوتن.

## دووەم: نوێنەرایەتی ڕێژەیی لە سایەی لیستە نیمچەکراوەکان و کێبڕکێی بەرفراوانی ناو پێکهاتەکاندا

لەم قۆناغەدا سیستمی هەڵبژاردن لە عێراقدا یەکەم گۆڕانکاریی جەوهەریی بەخۆوە بینی، ئەویش بە هێنانەئارای لیستی کراوە بوو، کە مافی هەڵبژاردنی کاندیدی لەناو لیستێکدا بە دەنگدەران بەخشی و چیتر ئەوە نەما تەنها دەنگ بە لیستی حزبێك یان هاوپەیمانییەك بدرێت. ئەم هەموارکردنە لە وەڵامی ئەو لێشاوە ڕەخنانەوە هات، کە ئاڕاستەی لیستی داخراو دەکرا بەوەی کە دەسەڵاتی نیمچە ڕەها دەداتە سەرکردەی حزبەکان لە دیاریکردنی ئەندامانی پەرلەماندا و پەیوەندی نێوان دەنگدەر و نوێنەرەکەشی لاواز دەکات.

ئەم ئاڵوگۆڕە گۆڕانکارییەکی بەرچاوی لە سروشتی کێبڕکێی هەڵبژاردنەکاندا هێنایە ئاراوە، لەبری ئەوەی کێبڕکێ تەنها لە نێوان لیستە جیاوازەکاندا بێت، درێژبۆوە بۆ کاندیدەکانی ناو هەر لیستێك، چونکە هەر کاندیدێك هەوڵیدەدا دەنگی پێویست بەدەستبهێنێت و کورسییەك بۆ خۆی دەستەبر بکات. ئەمەش پێگەی سیاسیی کاندیدەکانی بەهێزکرد، بەڵام لە هەمانکاتدا ڕۆڵی هەبوو لە دەرکەوتنی دیاردەی بە کەسایەتیکردنی سیاسی، زۆربەی کاندیدەکان زیاتر پشتیان بە پێگە و نفوزی خۆجێی، خێڵەکی، یان کۆمەڵایەتی و پارەی سیاسی دەبەست نەك بە بەرنامە سیاسییەکان.

سەبارەت بە سیستمی حزبایەتی، فراکسیۆنە گەورەکان بوونی خۆیان پاراست، بەڵام کێبڕکێ لەناو خودی پێکهاتەکاندا زیاتر بەدەرکەوت و دابەشبوونەکان لەناو هاوپەیمانییە گەورەکاندا وردە وردە سەریهەڵدا، کە دواتر لە زیادبوونی ژمارەی فراکسیۆنە پەرلەمانییەکاندا ڕەنگی دایەوە.

سەبارەت بە سەقامگیریی سیاسی، سیستمی نوێ نەك هەر نەیتوانی کۆتایی بە قەیرانی پێکهێنانی حکومەت بهێنێت، بەڵکو قەیرانەکە مۆرکێکی ئاڵۆزتری بەخۆوەبینی، چونکە پێکهێنانی حکومەت پێویستی بە دانوستانی درێژخایەن هەبوو لە نێوان ئەو فراکسیۆنانەی لەرووی قەبارەوە نزیك بوون لە یەکترەوە، ئەمەش دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2010ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە ڕوونی دەرکەوت.

ئەم قۆناغە ئەوەی دەرخست، کە زیادکردنی ئازادیی دەنگدەر بۆ هەڵبژاردنی کاندید بەس نەبووە بۆ هێنانە ئارای سەقامگیریی سیاسی، چونکە بونیادی سیستمی حزبایەتی بۆ مانەوەی خۆی زیاتر دەستی بە دابەشبوونی ناسنامەوە گرت نەك کێبڕکێی بەرنامەی سیاسی.

## سێیەم: بەردەوامبوونی سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی و قووڵبوونەوەی سازان و پشکپشکێنە دوای داتاشینی سانتلیگۆی هەموارکراو

ئەم قۆناغە بە پیادەکردنی سیستمی لیستی نوێنەرایەتی ڕێژەیی دەناسرێتەوە، بەڵام گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی کاتێك شێوازی سانتلیگوێ هەموارکراوی پلە (1.6) لە هەڵبژاردنەکانی 2014 و پلە (1.7) لە هەڵبژاردنەکانی 2018 دا پیادەکرا. ئەمەش مۆدێلی حکومەتی تەوافقی تۆختترکردەوە، تا ئەو ڕادەیەی کە هەڵبژاردنەکانی بە کردەوە والێکرد ببێتە مایەی دابەشکردنەوەی دەسەڵات لە نێوان هێزە سیاسییەکاندا نەك هێنانەئارای زۆرینەیەکی فەرمانڕەوا و ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی بەرچاو. ئەم قۆناغە دەرگیر بوو لەگەڵ چەند  ئالەنگارییەکی بێوێنەدا، دیارترینیان کۆنترۆڵکردنی بەشێکی گەورەی خاکی عێراق بوو لەلایەن داعش و شەڕی دژ بە تیرۆر و دروستبوونی قەیرانە ئابوورییەکان، ئەمانە سەقامگیری ئەمنییان کردە ئەولەویەتێکی باڵاتر و لە پێشتر لە چاکسازیی سیاسی.

لەم ماوەیەدا فرە حزبی بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد و ئەو جۆرە لە حکومەتی هاوپەیمانی بەرفراوان بووە دیاردە، کە زۆربەی هێزە سیاسییەکانی لەخۆگرتبوو. ئەمەش پاشەکشەی بە پرەنسیپی لێپرسینەوەی سیاسی کرد، چونکە زۆربەی هێزەکان بوونە هاوبەشی دەسەڵات و هێڵی جیاکەوەرەی نێوان حکومەت و ئۆپۆزسیۆن نەما، ئەمەش بووەهۆی لاوازکردنی کاری چاودێریی پەرلەمانی بەجۆرێك کە لێپرسینەوە لە حکومەت بووە کاریکی قورس و گران، تەنانەت پرۆسەی بڕیاردان زیاتر وابەستەی کۆدەنگی نێوان سەرکردە سیاسییەکان بوو نەك لە دامەزراوە دەستوورییەکانەوە بێت.

کەواتە ئەو سەقامگیرییەی لەم قۆناغەدا بەدەست هات، سەقامگیرییەکی سیاسی شلۆق بوو، کە تێیدا دامەزراوەکانی دەوڵەت لە کاری بەردەوامدا بوون بەبێئەوەی توانای ئەوەیان هەبێت حکومەتێکی کارا و لێهاتوو بهێننە ئاراوە یاخود بتوانن بە خێرایی بڕیاری ستراتیژیی دەربکەن. ئەم قۆناغە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە سیستمی هەڵبژاردنەکە تاکە فاکتەری کاریگەر نەبووە لەسەر سەقامگیریی؛ بەڵکو کاریگەرییەکەی بە شێوەیەکی بەرچاو تێهەڵکێش بووە لەگەڵ میکانیزمەکانی پشکپشکێنەی سیاسیدا.

**چوارەم: پیادەکردنی یەکێك لە سیستمەکانی هەڵبژاردنی زۆرینە (سیستمی یەکدەنگی نەگوێزراوە)، بازنەگەلی فرە نوێنەر و خۆپاڵاوتنی تاکەکەسی و کاریگەریی ناڕەزایەتییەکانی تشرین.**

یاسای هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2020 لە هەلومەرجێکی سیاسیی تەواو جیاوازتر لە قۆناغەکانی پێشوو هاتە ئاراوە، وەڵامدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی داواکارییەکانی ئەو جوڵانەوە ناڕەزایەتییە بوو، کە لە ئۆکتۆبەری 2019 سەریهەڵدا و داوای دەکرد چاکسازی لە سیستمی سیاسیدا بکرێت و هەژموونی حزبە تەقلیدییەکان کەمبکریتەوە و کۆتایی بە گەندەڵی بهێنرێت. بەم هۆیەوە یاسای هەڵبژاردن سیستمی یەکدەنگی نەگوێزراوەی پەسەند کرد، کە بازنەی هەڵبژاردنەکانی فرە نوێنەر؍ کورسی بن لە هەر پارێزگایەکدا، لەگەڵ ڕەخساندنی

دەرفەتی گەورە لەبەردەم کاندیدی تاکەکەسی و سەربەخۆ و هێزە سیاسییە تازەکاندا و بچووککردنەوەی قەبارەی بازنەکانی هەڵبژاردن، بە ئامانجی پتەوکردنی پەیوەندی نێوان دەنگدەر و نوێنەرەکەی. ئەم سیستمەی هەڵبژاردن نەیدەهێشت کورسییەکانی پەرلەمان لەلایەن حزبە گەورەکانەوە قۆرغ بکرێت و زەمینەسازی دەکرد بۆ هێنانەئارای کێبڕکێ لەسەر ئاستی خۆجییدا.

ئەم سیستمەی هەڵبژاردن بە کردەوە سەرکەوتوو بوو لەوەی کە بتوانێت ژمارەیەك نوێنەری سەربەخۆی ناو ناڕەزایەتییەکانی مانگی ئۆکتۆبەر بخاتە نێو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە، بەڵام ئەم سەرکەوتنە لە سنوورێکدا مایەوە، ئەویش بەهۆی ئەو هەژموونەی کە هێزە سیاسییە تەقلیدییەکان بەسەر بەشێکی زۆری کایەی سیاسیدا هەیانە. جگە لەوەش، ئەنجامی هەڵبژاردنەکان درز و دابەشبوونێکی سیاسیی توندی لە چەمکی زۆرینەی پەرلەمانیدا دروستکرد، کە بووە یەکێك لە درێژترین قەیرانەکانی پێکهێنانی حکومەت لە ساڵی (2003)ەوە، قەیرانەکەش بە دەستلەکارکێشانەوەی سەرجەم ئەندامانی فراکسیۆنی سەدر لە پەرلەمان و بە دووبارە داڕشتنەوەی هاوسەنگی هێز لەناو پەرلەماندا کۆتایی هات.

بەم شێوەیە ئەم قۆناغە دەریخست، کە هەموارکردنەوەی سیستمی هەڵبژاردن بەتەنها بەس نییە بۆ ئەوەی گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە سروشتی سیستمی سیاسیدا بهێنێتە ئاراوە، ئەگەر لەپاڵ ئەودا چاکسازی لە سیستمی حزبی و میکانیزمەکانی پێکهێنانی حکومەتیشدا ئەنجام نەدرێت.

## پێنجەم: گەڕانەوە بۆ بازنەی گەورە و شێوازی سانتلیگۆ و بەرهەمهێناوەی هاوسەنگی حزبی

هەموارکردنەوەکانی ساڵی 2023 ئاڕاستەیەکی جیاوازیان لە یاسای هەڵبژاردنی ساڵی 2020 نیشاندا، چونکە جاریکی دیکە گەڕانەوە بۆ بازنەی هەڵبژاردنی گەورە و شیوازی سانتلیگۆی هەموارکراویان بۆ دابەشکردنی کورسییەکان، ئەمەش بەشێکی گرنگی لە توانای ڕێکخستنی کێبڕکێی هەڵبژاردنی بۆ پارتە سیاسییە گەورەکان گەڕاندەوە. هێزە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان ئەوەیان بینی، کە گەڕانەوە بۆ بازنەی گەورەتر دەرفەتی سەرکەوتن لەبەردەم کاندیدانی سەربەخۆ و حزبە تازەکاندا بەرتەسك دەکاتەوە و سەرلەنوێ پێگە و جێپێی هێزە تەقلیدییەکان قایمتر دەکاتەوە و بەمەش نوێبوونەوەی نوخبەی سیاسی سنووردار دەبێت.

بەڵام لە لایەکی دیکەوە، ئەم قۆناغە بەردەوامی بە مشتومڕەکان دەدات لەبارەی ئامانجە بنەڕەتییەکەی سیستمی هەڵبژاردنەوە: ئایا پێویستە ئامانجە بنەڕەتییەکەی ئەولەویەتدان بێت بە عەدالەتی نوێنەرایەتی یان ئەولەویەتی ئامانجەکەی ئەوە بێت حزبە دەسەڵاتدارەکان لەسەر کورسی فەرمانڕەوا بمێننەوە و بەردەوامی بدەن بە سیستمی پشکپشکێنە و گەندەڵیی بونیادیی دامەزراوەیی لە عێراقدا.

وا دیارە یاسادانەری عێراقی جارێکی دیکە تای تەرازووەکە بەلای کۆنترۆڵکردنی نوخبەی دەسەڵاتداردا بشکێنێتەوە، ئەویش لەسەر حیسابی فراوانکردنی دەرفەتەکانی کێبڕکێکردن. بەڵام ئەم ئاڕاستەیە بەندە بە رادەی شکستی سیستمی حوکمڕانی لە عێراقی دوای 2003 بەوەی کە نەیتوانیوە سەقامگیرییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەستەبەر بکات لەسەر بنەمای بەشداریی بەرفراوان و دەوڵەتی دامەزراوە و ڕزگارکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت لە ژێر چنگی حزبە دەسەڵاتدارەکان و بنیاتنانی دەوڵەتی یاسا.


هەربۆیە کاتێك لە پەرەسەندنی سیستمەکانی هەڵبژاردنی عێراقی دوای ساڵی 2003 ورددەبینەوە، ئەوە ڕووندەبێتەوە کە سەرجەم هەموارکردنەکان لەپێناو چارەسەرکردنی ئەنجامەکانی قۆناغی پێشوودا بووە، بەبێ ئەوەی چارەسەری هۆکارە بونیادییەکانی قەیرانی سیاسی بکەن. عێراق لە لیستی داخراوەوە چوو بەرەو لیستی کراوە، پاشان ملینا بەرەو یەکێك لە سیستمەکانی هەڵبژاردنی زۆرینە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قەیرانەکانی پێکهێنانی حکومەت، جیابوونەوەی حیزبی، لاوازیی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمان، بەردەوامیدان بە سیاسەتی سازان و پشکپشکێنە و گەندەڵی بونیادیی ڕێکخراو وەك چەند خەسڵەتێکی جیانەکراوەی سیستمە سیاسییەکە مانەوە.

## کۆتایی

لە میانەی ئەم شیکارییەدا ئەوە دەردەکەوێت کە کێشە و پەیوەندی نێوان سیستمەکانی هەڵبژاردن و سەقامگیریی سیاسی لە هەر دەوڵەتێکدا، لە شیوازە تەکنیکی و حسابییەکەی سیستمی هەڵبژاردندا نییە، بەڵکو لەو بونیادە دامەزراوەییەدایە کە سیستمەکە تییدا ئیش دەکات، کە ئەمەش هەریەك لە سروشتی حزبەکان و میکانیزمەکانی پێکهێنانی حکومەتەکان و فەرهەنگی سیاسی و ئاستی جەسپاوی دامەزراوەکانی دەوڵەت دەگرێتەوە.

لەگەڵ ئەوەی چاکسازی لە سیستمی هەڵبژاردندا مەرجێکی گرنگ و پێویستە بۆ سەقامگیریی سیاسی، بەڵام ئەگەر چاکسازیی فرەلایەنەی دامەزراوەیی و سیاسیی لەگەڵدا نەبێت بڕ ناکات و کورت دەهێنێت. هیچ چاکسازییەکی هە ڵبژاردن لە عێراقدا بە ئامانجەکانی ناگات ئەگەر بەشێك نەبێت لە پرۆژەیەکی گشتگیری چاکسازیی دامەزراوەیی و سیاسی، کە دەولەتی یاسا بەهێز بکات و ژیانی سیاسی پێشبخات و ئۆپۆزسیۆنێکی کاریگەری پەرلەمانی دابمەزرێنێت و کێبڕکێی سیاسی لە دابەشکاریی ناسنامەییەوە بگۆڕێت بۆ کێبڕکێکردن لەسەر بەرنامەی سیاسی.

دەرەنجام سەقامگیری سیاسی تەنها بە سیستمی هەڵبژاردن دروست نابێت، بەڵکو ئەوەی دروستی دەکات ئەو تەونە سیاسی و کۆمەڵایەتییەیە، کە خودی سیستمی هەڵبژاردنەکە خۆی لە هەناویدا کار دەکات.



Kurdish Institute for Elections
پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن

STEP
for Democracy and Elections

# The relationship between electoral systems and political stability


**Sarbast Mustafa**
Head of the STEP organization
for Democracy and Elections

**Aram Jamal**
Head of the Kurdish Institute
for Elections KIE


August -2026